ئێمە زەکاتی سەرفیترەمان دەبەخشی کاتێك پێغەمبەری خودا - صلى الله عليه وسلم- لەنێوماندا بوو، لەجیاتی هەموو بچووك وگەورەیەك، وئازاد وبەندەیەك، صاعێك (چوار مشت) لە خواردن

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئێمە زەکاتی سەرفیترەمان دەبەخشی کاتێك پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەنێوماندا بوو، لەجیاتی هەموو بچووك وگەورەیەك، وئازاد وبەندەیەك، صاعێك (چوار مشت) لە خواردن، یان صاعێك لە کەشک، یان صاعێك لە جۆ، یان صاعێك لە خورما، یان صاعێك لە مێوژ، بەردەوام بەم شێوەیە دەمانبەخشی هەتاوەکو موعاویە گەیشتە لامان بۆ حەج یان عومرە کردن، قسەی بۆ خەڵکی کرد لەسەر مینبەر، لەو شتانەی باسی کرد بۆ خەڵکی ووتی: پێم وایە دوو مشت لە گەنمی شام یەکسانە بە صاعێك لە خورما، بۆیە خەڵکی ئەمەیان جێبەجێکرد، بەڵام من هەر بەردەوام بەو شێوەیە دەیبەخشم کە پێشتر دەمبەخشی هەتاوەکو بمێنم».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری)]

لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وجێنشینە ڕێنموێنیکراوەکان لە پاش ئەو؛ مسوڵمانان زەکاتی سەرفیترەیان دەردەکرد، لەجیاتی بچووك وگەورە بە کێشی صاعێك (چوار مشت) لە خواردن. خواردنەکانیان بریتی بوو: لە گەنم وجۆ ومێوژ وکەشك وخورما. صاعێك چوار مشت، وگوێڵ بریتیە لە پڕ بە هەردوو دەستی پیاوێکی مامناوەند کاتێك دەستەکانی پێکەوە دەلکێنێت. کاتێك موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ مەدینە وئەو جێنشین بوو، لەو کاتەدا گەنمی شام زۆر بوو، وتاری دا فەرمووی: پێم وایە دوو مشت لە گەنمی شام (نیو صاع)، یەکسانە بە صاعێك لە خورما، بۆیە خەڵکی شوێنی ئەم بۆچوونە کەوتن. ئەبو سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: من هەتا بمێنم هەر بەو شێوەیە دەریدەکەم کە لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرمدەکرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4454